## لەئاكامی ڕێپێوانێكی فراواندا

# مامۆستایان بەڵێنی ڕەسمی جێبەجێكردنی داواكاریەكانیان وەرگرت

ڕۆژی 2005/4/10 نزیك بە 5 هەزار مامۆستا لە ناوچە جۆراوجۆرەكانی هەرێمی ئیدارەی سلێمانیەوە، ڕێپێوانێكی فراوانیان سازكرد لەبەردەم سلێمانی پالاسەوە بۆ بەردەم ئەنجومەنی وەزیران.

ئامانجی ئەم ڕێپێوانە دژایەتیو نارەزایەتی بوو بەرامبەر ئەو بێمافیانەی توێژی مامۆستایان 14 ساڵە لەگەڵی بەرەوڕوون، مامۆستایان 14 ساڵە لەسایەی حكومەتی خۆماڵیدا! بەوپەڕی خۆڕاگریەوە ڕووبەڕووی نەبوونیو گرانیو بێمافی دەبنەوە، یەكەم كەسانێك بوون دوای كێشانەوەی ئیدارەی ڕژێم لە 91دا ڕایانگەیاند كە سەری بەرز بۆ موچە نەوی ناكەنو بەبێ بەرامبەر درێژەیان بەئەركی خۆیانداو لە دوای دەوام دەستفرۆشیو هەموو جۆرە كارێكیان دەكرد بۆ بەرێوەچوونی ژیانیان.

دیارە ئەو هەڵوێستەی مامۆستایان لەلایەك وەك ڕەتكردنەوەیەك بوو بۆ ڕژێمی بەعسو زوڵمی حكومەتی ناوەندی لەكوردستان، وە لەلایەكی تریشەوە بەئومێدی ئەوە بوو كاتێك حكومەتی هەرێمی كوردستان پەرژایە سەرخۆی قەرەبوویان بكاتەوە، بەڵام بەپێچەوانەی چاوەڕوانی مامۆستایان، حكومەتی كوردستان لەوپەڕی دەوڵەمەندیو دەسەڵاتی خۆیدا نەك هەر بیری لەهەڵوێستی شۆڕشگێرانەو مەسئولانەی مامۆستایان نەكردەوە بگرە لەهەمووبوارەكاندا نادادپەروەرانە مامەڵەی كرد، هەر لە دیاریكردنی ئاستی موچەوە تا دابەشكردنی زەویو تادابینكردنی پێویستیەكانی قوتابخانەو وانە وتنەوە.

لەبەرامبەر ئەوانەدا مامۆستایان چەندین جار نارەزایەتییان نیشانداوەو داخوازییان پێشكەش بە حكومەتەكانی هەرێمی كوردستان كردوە، سەرەڕای ئەوەی بەڵێنیان پێداونو بەڵێنەكانیان جێبەجێ نەكردووە هاوكات بە بیانووی جۆراوجۆری وەك ئەوەی بارودۆخمان ناسكەو دوژمن زەفەرمان پێدەباتو ئەزمونەكەمان دەكەوێتە بەر مەترسیو.... تاد مامۆستایانیان خاوكردۆتەوە. بەڵام مامۆستایان وەك هەموو چینو توێژەكانی ژێرەوە، ساڵانێكە ژیان بە سەختیو ناخۆشی بەڕێدەكەنو لەبارودۆخێكی ناهەمواردا گوزەران دەكەنو بێمافیەكانیان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قوڵتر دەبێتەوە، بەشێكی بەرچاو لەمامۆستایان كە لەدەرەوەی شار لەقەزاو ناحیێكانو دێهاتە دووروو سەر سنوورەكان وانە دەڵێنەوە، ئەو موچەیەی وەری دەگرن سەرەڕای ئەوەی خۆی كەمە بەشێكیشی بەكرێی هاتووچۆ دەڕواتو ئەمە وای كردووە مامۆستایانێك هەبن واز لەپیشەكەی خۆیان بێننو ببن بەپۆلیس.

بۆیە مامۆستایان وەك باقی چینو توێژە بێمافەكانیتر بەو بڕوایە گەیشتوون ئەگەر خۆیان لەمەیداندا نەبنو داوای مافەكانی خۆیان نەكەن كاربەدەستان بیر لەژیانی ئەوان ناكەنەوەو جیاوازیەكانو ناعەدالەتیەكان هەر بەردەوام دەبنو قوڵتر دەبنەوە، وەك مافێكی سروشتی خۆیان دەستیان برد بۆ ئامرازێكی خەباتكارانەی جەماوەریو كۆمەڵایەتی كە كاراترینو عەمەلیترین ڕێگایە بۆبەدیهێنانی داواكاریەكانیانو دەستگەیشتنیان بەمافەكانیان. مامۆستایان بەتەواوی مافی خۆیانە داوایگەڕانەوەو زیادكردنی دەرماڵەو زیادكردنی موچەو وەرگرتنی زەویو....بكەنو بۆ كەمكردنەوەو نەهێشتنی ئەو جیاوازیو ناعەدالەتیە زۆرەی لەو بوارانەدا هەیە دەنگ هەڵبڕنو بێنەمەیدان.

ئەم نارەزایەتییەی مامۆستایان دوایئەوە دێت كە"یەكێتی مامۆستایان" بەشێوەیەكی سستو نامەسئولانە كارەكانی مامۆستایان بەرێوەدەبرد، سەرەڕای ئەوەی فشارێكی زۆری خرایە سەر تا ئەو ئاستەی ناچار كرا داواكاریەكانی مامۆستایان بەرێتە بەردەم حكومەتو بەڵێنی جێبەجێكردنی داواكاریەكانیان بدات. بەڵام مامۆستایان چونكە لەڕابردوودا بەڵێنی زۆریان پێدرابوو بێمتمانەبوون، بۆیە بڕیاریان دا ڕێپێوانی خۆیان سازبدەن، سەرەرای ئەوەی كە شەوی 2005/10/9 سكرتێری یەكێتی مامۆستایان ڕایگەیاند كە پێویست ناكات مامۆستایان ڕێپێوان بكەنو دواتر ئەوانەی ڕێپێوان دەكەن بە ئاژاوەگێرو دەستی سیاسەتی دووژمنكارانە تاوانباری كردنو سەرەڕای ئەوەی ژێر بەژێر هەڕەشە لە مامۆستایان كرا، بەڵام مامۆستایان سوربوون لەسەر بڕیارەكەیانو سەرەنجام چوونە بەردەم ئەنجومەنی وەزیرانو لەلایەن سەرەك وەزیرانەوە بە رەسمی بەڵێنی جێبەجێكردنی تەواوی داخوازیەكانیان وەرگرت.

ئێمە وێڕای پشتیوانی خۆمان لەداواكاریەكانی مامۆستایان، خۆمان بەبەشێك لەم نارەزایەتیانە دەزانینو ڕێپێوانی قوتابیانو مامۆستایانو كرێكارانو... ئەو ڕاستیەی بەرۆشنی نیشانداوە كە لەم ڕێگەیەوەیە دەتوانین بگەین بەداخوازیەكانمان, ئەم نارەزایەتیانە دیسان دەریانخست كە ئەو رێكخراوانەی بەناوی كرێكارانو مامۆستایانو خوێندكارانو...تاد كاردەكەن ڕێكخراوی واقیعی ئەوان نین. ئێمە چینو توێژە چەوساوەو زەحمەتكێشەكان پێویستە ڕێكخراوی سەربەخۆی خۆمان پێكبێنین. ڕێكخراوێك كە ئامراز بێت بۆ بەدیهێنانی مافو داواكاریەكانمان نەك ناوەندێك بێت بۆ ڕامكردنمان.

**سەركەوتووبێت خەباتی مامۆستایان.**

**بژی یەكێتیو هاوخەباتی نێوا نمان.**

**یەكێتی كۆمۆنیستەكان لەعێراق**

**كۆمیتەی سلێمانی**

2005/4/11